دوو شاندی باڵای یەکێتیی و پارتی لەبارەی پێکهێنانی حکومەت لە پیرمام کۆدەبنەوە

سەعدی ئەحمەد پیرە،وتەبێژی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان ئەمڕۆ دووشەممە لە لێدوانێکی بۆ ڕۆژنامەوانان ڕایگەیاند، سبەی سێشەممە شاندێکی یەکێتیی و پارتی کە بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەت دیاریکراون، لە پیرمام کۆدەبنەوە.

سەعدی پیرە دەشڵێت: لە کۆبوونەوەکەدا جگە لە پێداچوونەوە بە دۆخی ئێستای هەرێم، تیشک دەخرێتە سەر گفتوگۆکردن لەسەر پێکهێنانی کابینەی حکومەتی نوێ.

ئەم کۆبوونەوەیە لە چوارچێوەی زنجیرەیەک کۆبوونەوەی نێوان هەردوولای پارتی و یەکێتیی دێت، دوای هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان کە لە 20ـی مانگی تشرینی یەکەمی ئەمساڵدا ئەنجامدرا.